زانكويا نەورۆز
NAWROZ UNIVERSITY

# Kurdistan Region – Iraq

Memorandum Of Understanding
MOU

August 2023

سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

---

## یادداشتننامەی لێكتێگەیشتن لە نێوان
## سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان و زانكۆی نەورۆز

### سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان

دامەزراوەیەكی پیشەیی ئەندازیاریە. كەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیە و لە رووی كارگێری و داراییەوە سەربەخۆیە بەپێی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە. ئامانجی رێكخستنی دەستدانە پیشەی ئەندازیاری و رێكخستنی كار و چالاكی ئەندازیاران و بەرزكردنەوەی راددەی زانستی و كۆمەڵایەتی ئەندازیارانە لە هەرێمی كوردستان.

ناونیشان: هەولێر ، شەقامی ٦٠ مەتری، بەرامبەر یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری

بەرێز صلاح الدین فخرالدین زەندی – جێگری نەقیبی ئەندازیارانی كوردستان لە جیاتی نەقیبی سەندیكا نوێنەرایەتی دەكات.

### زانكۆی نەورۆز

زانكۆی نەورۆز دامەزراوەیەكی ئەكادیمی فێركاری كەرتی تایبەتە لە هەرێمی كوردستان. وەك یەكەم زانكۆی ئەهلی لە هەرێمی كوردستان لە رێكەوتی ٢٠٠٤/٧/٣٠ دامەزراوە و مۆڵەتی كاركردنیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەرزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حكومەتی عێراق وەرگرتووە، و چەند كۆلێژێك لە پسپۆریە جیاوازەكان لە خۆ دەگرێت و كۆلێژی ئەندازیاریش بە چەند بەشێكی جیاواز یەكێكە لەو كۆلێژانەی زانكۆی نەورۆز.

ناونیشان: دهۆك - تەناهی.

بەرێز پرۆفیسۆر دكتۆر عبدالوهاب خالد موسی - سەرۆكی زانكۆی نەورۆز - نوێنەرایەتی دەكات.

### ئامانجی رێكەوتن

لەبەر بوونی ئامانجەكان بۆ پیشەیەكی هاوبەش (ئەندازیاری) لە كار و چالاكی هەردوولا ، سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان وەك دامەزراوەیەكی پیشەیی تایبەت بە كار و چالاكی ئەندازیاران و كولیژی ئەندازیاری لە زانكۆی نەورۆز وەك دامەزراوەیەكی ئەكادیمی و فێركاری بۆ پێگەیاندنی ئەندازیاران و نوسینگەی ڕاوێژكاری ئەندازیاری لە زانكۆی نەورۆز وەكو دامازراوەیەكی ڕاوژكاری ئەندازیاری, لە پێناو ئاشناكردنی قوتابیان و خوێنكارانی بەشە ئەندازیاریەكانی زانكۆ بە بازاڕی كاری ئەندازیاری لەلایەن سەندیكای ئەندازیارانی كوردستانەوە, هەروەها سوود وەرگرتنی ئەندازیارانی ئەندامی سەندیكا لە ئەزموونی مامۆستایانی بەشە ئەندازیاریەكانی زانكۆ لە پسپۆریە جیاوازەكان و سوود وەرگرتنی كولێژ و قوتابیانی بەشە ئەندازیاریەكانی زانكۆ و نوسینگەی ڕاوێژكاری ئەندازیاری زانكۆ لە ئەزموون و هاوكاری سەندیكای ئەندزیارانی كوردستان , ئەم یاداشتی لێك تێگەیشتن و هەماهەنگیە لە نێوان هەردوو لا ئەنجام درا.

### ماددەی یەكەم/ پرەنسیپە گشتییەكان

١. هەردوولا ، لەو بوارانەی كە بەرژەوەندی هاوبەش دەیانگرێتەوە و دەكەونە چوارچێوەی پسپۆریان، لەسەر بنەمای رێزی دوو لایەنە هەماهەنگی و كاری پێكەوەیی ئەنجام دەدەن.

٢. هەردوو لا لەبەر رۆشنایی یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستان و ئەو یاسا فیدراڵیانەی لە هەرێمی كوردستان بەركارخراون، چالاكی ئەنجام دەدەن.

٣. هەردوو لا باوەڕیان بە یەکسانی دەرفەت هەیە و چالاکییەکانیان لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان بۆ هەردوو لا ئەنجام دەدەن و هەماهەنگی کاری پێکەوەییان بۆ خزمەتی ئەندازیاران و قوتابیانی کولێژی ئەندازیاری لە زانکوی نەورۆزە، دوور لە جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز، نەتەوە، ئایین، مەزهەب، رەنگی پێست و باکگراوندی سیاسی و ناوچەگەری .. هتد.

**ماددەی دووەم / فۆرمەکانی هەماهەنگی**

هەردوو لا لەم بوارانەی خوارەوە کاری هاوبەش و هەماهەنگی ئەنجام دەدەن:

١. ئەنجامدانی سیمینار و ووڕك شۆپی هاوبەش لە بوارەکانی پسپۆرە جیاجیاکانی ئەندازەیی و بەڕێوەبردن بە هەماهەنگی نوسینگەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری لە زانکۆی نەورۆز بە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان و جیهان و گۆڕانکاریە زانستیەکان لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی توانا زانستیەکانی ئەندازیارانی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە پسپۆڕان و ئەندامانی هەردوو لا.

٢. ئەنجامدانی سیمینار بۆ قوتابیان و خوێندکارانی بەشە ئەندازیاریەکانی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆ لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە بۆ ئاشناکردنیان بە قۆناغی دوای زانکۆ و بازاڕی کاری ئەندازیاری و کاری سەندیکایی.

٣. بەڕێوەبردنی خولی جۆراوجۆری ڕاهێنانی ئەندازەیی و بەڕێوەبردنی پرۆژە بۆ ئەندازیاران و قوتابیانی دوا قۆناغەکانی بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆ و کەسانی تر بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و پسپۆڕی ناوخۆیی و هێنانی پسپۆڕی دەرەکی لە کاتی پێویستدا.

٤. بڵاوکردنەوەی کار و چالاکی هەردوو لایەن لە بواری ئەندازیاری لە ماڵپەری هەردوو لا بۆ ئاشناکردنی زیاتری ئەندازیار و هاووڵاتیانی کوردستان و جیهان.

٥. سوود وەرگرتن لە مامۆستایانی زانکۆ لە چوارچێوەی هەماهەنگی و بەرژەوەندی هاوبەش بۆ کاروباری سەندیکایی.

٦. بانگهێشتنامە گۆڕینەوە لە نێوان هەردوو لایەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس و چالاکیەکانی هەردوو لایەن بە گشتی و لە بواری ئەندازیاریش بە تایبەتی.

**ماددەی سێیەم/ ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردن**

لەپێناو جێبەجێکردنی (فۆرمەکانی هەماهەنگی - ماددەی دووەم) کە لەم ڕێکەوتنامەیە دا ئاماژەیان بۆ کراوە لێژنەی هاوبەش لەلایەن هەردوو لا پێك دەهێنرێت بۆ ئامادەکاری و خەمڵاندنی خەرجی و پێداویستیەکان بۆ هەر کار و چالاکیەکی هاوبەش.

زانکویا نەورۆز
NAWROZ UNIVERSITY

# Kurdistan Region – Iraq

Memorandum Of Understanding
MOU

August 2023

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

---

**ماددەی چوارەم / بەرکارەکان**

١. ئەم یادداشتە بۆ هەریەکێك لەو دوو لایەنەی واژوویان کردووە دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوی بکەن پاش ٢ ساڵ لە رێکەوتی واژووکردنی و دوای ئەوەی دەرفەتێکی (٣٠) سی رۆژی بەنوسراو دەدەنە لایەنی بەرامبەر لەسەر بنەمای قەناعەتێکی گونجاو بۆی.

٢. ئەم یاداشتە دەتوانرێت بەرەزامەندی هەردوولا لەسەر داوای نوسراوی هەریەکێك لە لایەنەکان پێداچوونەوە بە برگە و ماددەکانی بو بکرێت.

٣. ئەم یاداشتە بۆ هەردوو لا رێگر نیە لە ئەنجامدانی یادداشتی هاوشێوە لەگەڵ لایەنانی تر.

٤. ئەم یادداشتە دەچێتە بواری جێبەجێکردن لەرۆژی پەسندکردن و واژووکردنی لەلایەن هەردوو لاوە.

**ماددەی پێنجەم و کۆتایی/ وێنەی بنەرەتی یادداشت**

ئەم یادداشتی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی هاوبەشە بەزمانی کوردی بەچوار وێنە ئامادەکراوەو لە مەراسیمێکی شایستەدا لە رۆژی (چوارشەممە) رێکەوتی ( ٢٠٢٣/٨/٢) لە تەلاری سەرۆکایەتی زانکۆی نەورۆز لەلایەن هەردوو لاوە واژوو کرا.

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KEU
ئە نجومەن
2000
KURDISTAN ENGINEERS UNION

پرۆفیسۆر. د. عبدالوهاب خالد موسى
سەروکی زانکۆی نەورۆز
سەرەرای کارەکەی
٢٠٢٣/٨/٢

صلاح الدین فخرالدین زەندی
جێگری نەقیبی ئەندازیارانی کوردستان
سەرەرای کارەکەی
٢٠٢٣/٨/٢